# له یادی ۱۸ ساڵەی دادگایی تاوانبارانی ئەنفال و ڕۆژی دادپەروەری کوردستاندا




۲۱ی ئابی ۲۰۰٦ بۆ پرسی دادگاییکردنی تۆمەتبارانی تاوانەکانی جینۆسایدی گەلی کورد و پرسی جینۆساید و بنەماڵەی قوربانیان و خەڵکی کوردستان ڕۆژێکی مێژوویی گرنگ بوو، بەو پێیەی ڕۆژی دەسپێکردنی دادگاییکردنی تاوانبارانی تاوانی "ئەنفال" بوو لە عێراق، کە بۆ یەکەمجار بوو لە مێژووی گەلانی کوردستان، کەسانێکی تاوانبار بە تاوانی گەورە "تاوانی جینۆساید، تاوانی جەنگ، تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی"، لەلایەن دادگایەکی وڵاتی بکەری تاوانەکەوە دادگایی بکرێن، لەو پایتەختەی بڕیاری تاوانی کۆمەڵکوژییەکانی تێیدا دەرچووە.

ڕێککەوتی (۲۱-۸-۲۰۰٦)، پرۆسەی دادگاییکردنی تۆمەتبارانی کەیسی ئەنفال دەستی پێکرد، خواستی قوربانیانی جینۆساید و شارەزایان و چالاکوانانی ئەو بوارە، بریتی بوو لە دادگایکردنی تاوانباران لە دادگایەکی نێودەوڵەتی یاخود دادگایەکی هاوبەش، تاکو دادگاییەکە بەشێوەی باش بەڕێوە بچێت و پرۆسەی ناساندنی جێنۆساید گەلی کورد بە جیهانی بکرێت، هەرچەندە داواکە نەهاتە دی, وەلێ دادگاکە بڕیاری زۆر گرنگیدا، لەوانە چوار کەیسی کۆمەڵکوژی خەڵکی کوردستانی بە جینۆساید ناساند، کە تەنها لە ماوەی ۹ ساڵدا لە بەرامبەر گەلی کورد ئەنجامدرابوون، کە ئەمەش لە مێژووی نوێی مرۆڤایەتیدا بێ وێنە بوو.
بەڵام مەخابن بڕیارەکانی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق لە دادگاییکردنی تاوانباران بە گشتی و بە تایبەتی تاوانبارانی ئەنفال جێبەجێ نەکرا و ڕێزی

لێنەگیرا، کە گرنگترین بڕیاریان بریتی بوو لە رزگار نەبوونی تاوانباران لە سزا، بەڵام پارتە سیاسییەکان بە تایبەتیش دەسەڵاتداران بە شێوازی جۆراوجۆر، نەك تەنها داڵدەی تاوانبارانییاندا و ژیانیانیان پاراست و نەیان هێشت پرۆسەی دادپەروەری بەردەوام بێت، بەڵکو فشاریان خستنە سەر دەزگا هەمە جۆرەکانی دادوەری و رێگرییان کرد لە بڕیاری دەستگیرکردن و دادگاییکردنی ٤٢٣ تۆمەتباری ئەنفال، کە زیاتر لە (٦١٪)یان کورد بوون (٢٥٨) و تا هەنووکەش تاوانبارانی داواکراو لەلایەن پارتەکانی دەسەڵاتدارەوە دەپارێزن و هەندێکشیان پۆست و پلەیان پێبەخشراوە. . . هەندێکی دیکەشیان لەلایەن پارتەکانەوە لەسەر پشکی گەلی کورد پۆستی سەربازییان لە بەغدا پێدرابوو.

ئەمە وێڕای ئەوەی ژمارەیەکی زۆری تۆمەتبارانی دیکە سکاڵایان لەسەر بوو, کەچی ناویان لە ریزبەندی تۆمەتباراندا نەبوو, لە هەمووشی سەیرتر نەبوونی ناوی نەزار خەزرەجی بوو, کە لە پرۆسەی ئەنفال لە دوای سەدام و عەدنان خێروڵاو عەلی حەسەن مەجید دەهات.

حکومەتی هەرێمی کوردستان، یەکەم رێگر بووە لە بەردەم جێبەجێکردنی بڕیارەکانی دادگا، بەتایبەتیش سەرکردەکانی هەردوو پارتی دەسەڵاتدار, لە بەرامبەریشدا کەسوکاری قوربانیانیش نەك نەیانتوانیوە سزای ئەو پارت و لایەنانە بدەن کە تاوانباران دەپارێزن، بگرە زۆرجاران لێرەو لەوێ دەبینین لەگەڵ تۆمەتباران بەشێوەی ئاسایی لە مەراسیمەکان دەردەکەون و کۆنە بەعسیەکان لە یادەکان لە ریزی پێشەوە دادەنیشن, تەنانەت پارتە بەناو ئۆپۆزسیۆنەکانیش مامەڵەی نا بەرپرسانە لە گەڵ ئەو کەیسە دەکەن.

ئێمە لە رۆژی دادپەروەری لە کوردستان (٢١-٨)، کە بە رۆژێکی گرنگ و مێژوویی و پڕ بەها بۆ خەڵکی کوردستان و پرۆسەی دادپەروەری لە کوردستان دەزانین. . . داواکارین:

یەکەم: تەواوی ئەوانەی ناویان لە لیستی تۆمەتبارانی ئەنفال"٤٢٣ تۆمەتبار" و کەیسەکانی دیکەدا هاتووە، بە زووترین کات دەستگیر بکرێن و بدرێنە دادگای باڵای تاوانەکان بۆ دادگاییکردنیان و لە کوردستان وەك

تۆمەتباری هەڵهاتوو لە دادگا مامەڵەیان لە گەڵدا بکرێت، نەك هاوڵاتی بە ئیمتیاز وەك ئێستا دەبینین.

دووەم: لیستی ناوی تۆمەتباران بدرێتە پۆلیسی ئینتەرپول، بۆ ئەوەی هەڵاتووەکانیان لە وڵاتانی دەرەوە دەستگیربکرێن و دادگایی بکرێن کە تاکە رێگای بە جینۆساید ناسینی تاوانەکانە لە ئاستی جیهانی.

سێیەم: لەلایەن پەرلەمانی داهاتووی کوردستانەوە رۆژی ٢١ / ٨ بە فەرمی بە رۆژی دادپەروەری لە کوردستان بناسرێت و ئەو رۆژە بکرێت بە سیمبولی رزگار نەبوونی تاوانباران لە سزا, بۆ بەرچاو روونی هەموو لایەك, لە ساڵانی رابردوو, بە پێشنیاری ئێمە و بە پشتیوانی وەزیری شەهیدان مامۆستا ئارام ئەم رۆژە لە کابینەی حەوت فەرمیەتی پێ دراوە.
هەر بۆ وەبیرهێنانەوەی هەموو لایەك، ئێمە لە ساڵانی رابردوودا هەنگاوی کرداری و فشاری مەدەنیمان بۆ دەستگیرکردنی تاوانباران گرتەبەر. . . لەوانە:

١- سێ جار بە نامەی فەرمی داوامان لە داواکاری گشتی کردووە هەنگاو بنێن بۆ دەستگیرکردنی تۆمەتبارانی ئەنفال و لە وەڵامدا رایانگەیاندووە؛ کە وەزارەتی ناوخۆیە بە ئەرکی خۆی هەڵناسێت بۆ دەستگیرکردنیان. . . هاوکات جگە لە فەرمانگەی داواکاری گەرمیان و هەڵەبجە ئەوانی دیکە وەڵامیان هەر نەداوەتەوە، لە کاتێکدا زۆرترین ژمارەی تۆمەتباران لە سنورکانی هەولێرو دهۆکن، ئەمەو دواتر بەبێ هیچ هۆکارێك ٣ تۆمەتباری زیندانیکراوی گەرمیانیش پاش چەندین ساڵ لە مانەوەیان لە زیندان ئازادکران یەکیان پۆستی سەربازیشی وەرگرت کە ژمارەیەك زۆر سکاڵای لە دادگای باڵای تاوانەکان لەسەر بوو، لە کاتێکدا دەتوانرا بە ئاسانی رادەستی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق بکرێن پرۆسەی دادپەروەری ئاراستەی ئاسایی خۆی وەربگرێت.

٢_ هاوکات دووجار داوامان لە داواکاری گشتی کردووە:
- أ - ناوی تۆمەتبارانی ئەنفال بدرێتە پۆلیسی ئینتەرپول.

- ب - پرسیار له ئەنجومەنی دادوەری کراوە، کە ئایا تۆمەتبارانی ئەنفال لای ئەوان بە تۆمەتبارن دادەنرێن یاخود نا. . . بەڵام مخابن ئەنجومەنی دادوەری کە بە تۆماری ڤیدیۆیی لامانە، بەڵێنیاندا کار بۆ دەستگیرکردنی ئەم تۆمەتبارانە بکەن، کەچی بە بەڵگە لامانە تۆمەتباران لای ئەوان بە تۆمەتبار ئەژمار نەکراون و بڕیارەکانی دادگای باڵای تاوانەکان هیچ ئەهمیەتێکی یاسایی نییە لایان.

-ج - ئەنجومەنی دادووەری وەڵامی ڕێکخراوە بیانییەکان نادەنەوە کە کار بۆ بە دادگاییکردنی تۆمەتبارانی ئەنفال دەکەن لە دەرەوەی وڵات، لەو نێوەشدا گەورەترین هەلیان لە دەستدا بەجینۆساید ناسینی تاوانی ئەنفال لە ئاستی جیهانی دا، \ لە داهاتوودا بەڵگەنامەکان ئاشکرا بکرێن مێژوو شەرمەزاریان دەکات.

- ح - دووجار داوامان لە داواکاری گشتی کردووە کە فشار دروست بکەن بۆ ئەوەی لیستەکانی (شەهیدان، قوربانیانی جینۆساید و چەکی کیمیاویی و بریندارانی چەکی کیمیاویی، زیندانیانی سیاسی و پێشمەرگەی دێرین) بڵاو بکرێنەوە، بۆ ئەوەی بۆ گەل شەفاف بێت و پاکبکرێنەوە لە ناوی تۆمەتباران، ئەمەشیان بەکاری خۆیان نەزانی.

- د - داوامان کرد موچەی شەهیدان و قوربانیان بکرێتە ستانداردێك بۆ دادپەروەری لە موچە، ئەوان داکۆکیان لەوەی ئێستا هەیە کرد، بەرەی نا دادپەروەرییان هەڵبژارد، گوایە یاساییە و بە یاسا ڕێکخراوە.



جیا لەوانەی سەرەوەش  ئەم چەند ساڵە چەندین تۆمەتباری ئەنفال و تۆمەتبارارانی دیکە بەهەر هۆکارێك بێت ناویان لە لیستی تۆمەتبارانی ئەنفال نییە مردن، دەسەڵاتداران بەرێزەوە بەشداری پرسەکانیانیان کرد و بە ستایشکردنیان رێزیان بۆ قوربانیان و بڕیاری دادگا نەهێشتەوە، تاوانباران بە ئاڵای کوردستانەوە  نێژران, بەم هەنگاوەش گەورەترین سوکایەتیان بە دۆسیەکانی جینۆسایدی گەلی کوردستان کرد.
مخابن سەرەڕای هەموو ئەمانە، لە ٢١ی تەموزی ساڵی ٢٠١٩ نامەیەکی نا فەرمی بۆ رێکخراوی کوردستان بێ جینۆساید  لەلایەن داواکاری گشتییەوە نێردراوە، بێ مۆر و تیایدا دەڵێن"(ئاماژە بەو سکاڵایانەی ناردوتانە بۆ سەرۆکایەتیەکەمان. . . ئێمە وەك داواکاری گشتی تەنیا کێشەکانی گشتی دەجولێنین، ئەویش لە رێگای دەستەی مافی گشتییەوە کە لە بەرژەوەندی کۆمەڵگا بێت. . بەڵام ناکرێت کێشەی تایبەت بجولێنین. . . دەکرێت خاوەن کێشە سکاڵا بجولێنێت و ئێمەش بە دوادا چونی بۆ بکەین لە دادگا تایبەتمەندەکان. . . لە گەڵ رێزماندا).
بەم نامەیەش بزمارێکیان لە نەعشی دادپەروەریدا و هەموو کێشەکانی نیو ملیۆن قوربانی و دادپەروەرییان بە کێشەی شەخسی لە قەڵەم دا و سەلماندیان دەزگایەکی لەوە لاوازترن وەك پێشبینیمان دەکرد.
بۆیە بۆ هەموو لایەکی ئاشکرا دەکەین، ئێمە نەك بۆ رزگارنەبوونی تۆمەتباران لە سزاو گەڕاندنەوەی دادپەروەری سارد نابینەوە، بەڵکو لامان روونە دوارۆژ هەر بۆ هەق و راستییە، بە مردوویش بێت تۆمەتباران لە سزا رزگاریان نابێت , دەرکەوت دەزگا دادوەرییەکانی کوردستان زۆر لەوە بێهێزترن بتوانن ئەم کەیسە  گرنگە دادپەروەریانە بجولێنن.
هەروەها ئێمە ناشتنی تۆمەتبارانی ئەنفالی مردوو بەم مەراسیمانەی ئەنجام دەدرێن, بە گەورەترین سوکایەتی بە قوربانیان دەزانین, وە دەرکەتنی تاوانباران بە هەیبەتەوە لە بۆنە گشتییەکان و بەشدارییان لە پرۆسەی سیاسی بە شەرمەزارییەکی گەورە دەزانین .
لە کۆتاییدا دەڵێین دوای ١٨ ساڵ لە دادگاییکردنی تاوانبارانی ئەنفال هێشتا زۆرینەی تۆمەتباران نەك دادگایی نەکراون, بگرە بەهێزکراون, روفاتی قوربانیان نەگەڕێنراونەتەوە بۆ زێدی خۆیان, موچەی کەسوکاری قوربانیان هاوتای موچەی کەسوکاری قوربانیانی عێراق نەکراوە, حکومەتی عێراق داوای لێبوردنی نەکردووە, عێراق ویستی نییە ببێتە ئەندامی

دادگای تاوانی نێودەوڵەتی, بەمەش دەیەوێت لە جوگرافیای جینۆساید بمێنێتەوە....
بەرزو بەرێز بێت روحی شەهیدان و قوربانیانی ئەنفال و هەڵەبجە و بارزانی و فەیلی و ئێزیدی و کریستان و کاکەیی و شەبەك لە رۆژی دادپەروەری لە کوردستاندا، سەرکەوێت دادپەروەری لە پێناو بەرقەراربوونی حوکمی یاسا و دادگایەکی بەهێزی سازشنەکەری پیشەیی لە کوردستان.
دەربازبوونی تاوانبارانی جینۆساید لە سزا, گەورەترین پێشێلکاری یاسایی و تاوانە لە کوردستان, درێژەی تاوانەکانی بەعسە و بەردەوامی جینۆسایدە.

ڕێکخراوی کوردستان بێ جینۆساید
تۆڕی ڕێکخراوە کوردستانیەکان لە پێناو دادگای تاوانی نێو دەوڵەتی Koncicc
ڕێکخراوی گەشەپێدانی مافی مرۆڤ
ڕێکخراوی مانەوە بۆ پرسی شەهیدان و ئەنفالکراوان
ڕێکخراوی چاودێری کوردۆساید (چاك) کوردستان
ڕێکخراوی ناوەند داکۆکی پشدەر  بۆقوربانیان وجینۆسایدکراوان
گروپی کار بۆ ئەنفال
هەڵمەتی دادپەروەری
رۆژنامەی نگرە سەلمان
گۆڤاری تۆبزاوە
هەڵمەتی ژیان نا بۆ ئیعدام لە کوردستان